Sorani
Vuxenutbildning

# خوێندنی گەورەساڵان

رۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکەمان لاببەین، خراپتری بکەین؟ ئایا مۆدێلی سوێدیی پێشبخەین –یان وازی لێبهێنین؟

## فێربوونێکی لەگەڵ ژیاندا بەردەوام بۆ هەموان

بۆ ئێمەی سۆشیالدیموکرات ئەوە بێگومانییەکە کە هەموو کەسێك بتوانێت لە فێربوونێکی لەگەڵ ژیاندا بەردەوام بەشداری بکات باوەجودی ئەو پێشینەیەی کە هەیەتی. ئەمە بڕیاردەرە بۆ ئەوەی ئەگەر سوێد بیەوێت ئەو هێزی خوێندنەی دەست بکەوێت کە ئەمڕۆ و سبەینێ پێویستێتی. لەبەرئەوە ئێمەی سۆشیالدیموکرات گرەوی گەورەمان لە قۆناخی پێشخوێندن و سەرەتاییدا خستووەتە کار. خوێندنی بڵندکەرەوەی زانست (Kunskapslyftet) شانسێکی نوێی خوێندنی بە ٨٠٠ هەزار کەس داوە. ئێمە خوێندنی بالامان لە سەرانسەری وڵاتدا بەرفراوان کردووە و چوار زانکۆی نوێمان دامەزراندووە و پارەکۆمەکی توێژینەوەمان بە ڕاستیی بەرز کردووەتەوە.

خوێندن مافێکە دەبێت بۆ هەموان بێت. زانست گەورە دەبێت کاتێك کە لەلایەن خەڵکانێکی زۆرەوە بەشداریی تێدا دەکرێت. لەبەرئەوە ئێمە لەسەر ئەوە کار دەکەین کە کەسانی زیاتر لەوانە کە خوێندنی کورتیان هەیە دەست بە خوێندن بکەن. خوێندنی گەورەساڵان بڕیاردەرە لە کەمکردنەوەی کەلێنی زانستدا.

حوکمەتی سۆشیالدیموکرات هەموو ساڵێك ١,٨ ملیارد کرۆن تەرخان دەکات تا شارەوانیەکان بتوانن نێزیکەی ٨٠ هەزار شوێن بە کاتی پڕ بە خەڵك بدەن بۆ ئەو خوێندنەی گەورەساڵان کە شارەوانیەکان ئامادەی دەکەن. ئەم جێگایانە بە پلەی یەکەم دەدرێت بەو کەسانەی کە خوێندنیان کەمە (کورتە). بێ ئەم گرەوە بۆ گەورەساڵان زۆر زەحمەت دەبێت کە دووبارە و سەرلەنوێ فێرببنەوە.

بۆ ئەوەی لەوەش زیاتر ئەو خەڵکانە بەجۆش بخەین کە لەوەبەر کەمیان خوێندووە و بوێرن بخوێنن ئەوا حوکمەتی سۆشیالدیموکرات بێلەوەش دوو (٢) ملیارد کرۆن تەرخان دەکات بۆ کۆمەکی خوێندنی بە تایبەتی

دڵفراوانە. ئەمە بەو مانایە دێت کە ٢٥ هەزار بێکار یان خەڵکانێك کە لە مەترسی ئەوەدان بێکار بن بهێنرێنە ناوەوە بۆ خوێندن بە یارمەتی کۆمەکێکی خوێندن کە لە یەكساڵدا ١٠٠٪ کۆمەك دەدات. ئەم کۆمەکی خوێندنانە شتێکە کە دەبێت بکرێت بۆ ئەوەی کەلێنەکانی زانست پڕ بکەینەوە.

ئێمەی سۆشیالدیموکرات دەمانەوێت زیاتر گرەو لەسەر خوێندن بکەین، چ لە قۆناخی ئامادەیی و چ لە پاشی. ئێمە پرۆگرامی ئامادەیی بۆ فێرکردنی ڕشتەیی بەهێز دەکەین. خوێندنی ڕشتەیی بەڵگەنامەدار لە ٨٤٦ دانە بەشداربووەوە لە ساڵی ١٩٩٦ دا بووە بە ٢٧ هەزار بەشدار لە ساڵی ٢٠٠٥ دا. ئێستا ئێمە بەردەوام پێ هەڵدەگرین و دەمانەوێت گرەو لەسەر فێرکردنی ڕشتەیی خوێندنی گەورەساڵان بەهێز بکەین. گەورەساڵان دەبێت هەلی یەکسانیان هەبێت لە دەستکەوتنی خوێندنی ڕشتەییدا هەروەك لاوان لە ئامادەییدا دەستیان دەکەوێت.

ئێمە هەروەها دەمانەوێت لەسەر فێرکردنی خەڵك بەردەوام بین. زیاتر لە١,٥ ملیۆن ئافرەت و پیاو ساڵانە بەشداریی لە کاروبار و چالاکی کۆمەڵەی خوێندندا دەکەن. سەد (١٠٠) هەزار کەس لە وانەی درێژ یان کورتی خوێندنی باڵای گەلییدا (folkhögskolorna) دەخوێنن. فێرکردنی خەڵك گرینگە بۆ فێربوونی لەگەڵ ژیاندا بەردەوام.

**بەدیل (ئەڵتەرناتیڤ)**

دژ بە پلانی خوێندنی سۆشیالدیموکراتەکان مۆدێراتەکان و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاست وێستاون. مۆدێراتەکان دەیانەوێت کۆمەکی دەوڵەت بۆ خوێندنی گەورەساڵان کەم بکەنەوە. ئەمە بەو مانایە دێت کە بەلانی کەمەوە هەر سێهەم کورسیەك لە خوێندنی گەورەساڵاندا نامێنێت. ئەوان هەروەها دەیانەوێت کۆمەکی تایبەتی خوێندن لاببەن کە بارودۆخی گونجاو بۆ ئەو کەسانە فەراهەم دەکات کە هەر زۆر پێویستیانە تا بتوانن باری ئابووری ڕۆژانە مسۆگەر بکەن. بێلەوە مۆدێراتەکان دەیانەوێت پارەی کۆمەکی فێرکردنی خەڵك کەم بکەنەوە وا کە هەر سێهەم بازنەیەکی خوێندن (studiecirkel) نەمێنێت.

سوێد دەبێت لەگەڵ زانستدا سەرکەوێت. پڕکردنەوەی کەلێنی خوێندن باشترین شێوەیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری. لەبەرئەوە ئێمەی سۆشیالدیموکرات دەمانەوێت گرەو لەسەر خوێندنی گەورەساڵان بکەین، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندنیان کەمە.

لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟